سیره ژماره: ١٩

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر) والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله.

ئەوڕۆ تەكمیلەی دەرسی سابیق وە دیسان بە تەوفیقی خوای لە خزمەت ئەو نازدارانە دەرسەكی تازە ئەویش نیهایەتی عەرضی نیهایەتی موفاوەضات لیقائاتی موباشیر غێر موباشیر نەتائیجی ئەو مەوزوعانە، ئەحداثی پاشی وەی پێغەمبەر و صەحابە بە چ وەضع و حالەك دادەرۆن، إن شاءالله ئەوڕۆ لە خزمەتتان ئەو باسانە دەكەین.

حەفتەی پێشترێ بەحسی ئەوەمان كرد كە میزانی موشەككەل میزان تەشكیل كرابوو لە قوڕەیش لە صەنادیدی لە عوضەماء لە موتەمەكینین دەورەمەند وە صاحێب سوڵطە، لۆوەی بتانن مودارەسە و موتابەعەی نەشاطی پێغەمبەر بكەن صلى الله عليه وسلم لەگەر صەحابەكان، ئەوجە حیواڕی موباشر یاخود موفاوەضاتی موباشیر غێر موباشر لەگەر پێغەمبەر بكرێ، وە بەعضە حلول بەعضە ئیتیفاقیات طەڕح بكرێ لە خزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، عسى ولعلى بتانن پێغەمبەر جەمبەی شەڕی كە ترسیان لێ بوو فكری پێغەمبەر و طەڕحی پێغەمبەر كە ئیمداداتی ڕەبانییە، كە قوڕئانە، مەشاكیلیان لەبۆ دروست بكا بتانن حەددەك لەبۆ ئەو فیكرە لەبۆ ئەو طەڕحە دابنێن.

لۆوەی سوڵطە وە سومعە وە پارە لە دەستیان دەرنەچی، مەجموعە موفاوەضاتەك كرا لە خزمەتتان بەحس كرا، دەرسی پێشترێ موفاوەضاتی غێر موباشر گوتیشمان سەبەبی غێر موباشیریەكە ئەوە بوو بە ئیعتیبار و مەقام دانەنان لەبۆ پێغەمبەر، لۆوەی ئیحساس بەخۆی نەكا كە وجودەكی موستەقیلی هەیە، لەناو كیانی دینی مەككە.

پاشان مەجبور بوون خۆیان موباشیرەتەن موفاتەحەی بكەن، ئەویش بە طڕوحاتی موعەییەن بیكەنە دەوڵەمەندترین كەس بیكەنە سەید و گەورەی خۆیان، یاخود ئەگەر هاتو پێغەمبەر ئەو دوو حەڵەی پێی صەحیح نەبوو پێی قبول نەكرا ڕەفضی كرد، ئەو وەختی حەتمەن حاشاكی ئەو ئیشتیباهەكی هەیە لە عەقل، ئیدی موحاوەلەی ئەوەی لۆ بكەن باشترین طەبیب و ماهیرترین موعالیجی لەبۆ پەیا بكەن بێ عیلاجی پێغەمبەر بكا لەو نەخۆشییە نەفسییەی كە توشی بووە.

حەتمەن عەرضەكە ئەو عڕوضەی كە كوفر تەقدیمی كردییە كە قوڕەیش تەقدیمی كرد لەبۆ پێغەمبەر صلى الله عله وسلم زۆر بە قیمەتن زۆر موهیمن، دەیتانی بەبێ سێ و دوو قبولی ئەو سیادەیە بكا، كە قبولی كرد بووە سەیدی مەككە وەكو ڕەئیس جمهور ڕەئیس وزەرای ئەو زەمانە قانون دابنێ، قانونەكانیش هەمووی وەحییە شوڕطە و جەیشیش هەیە قانونەكان لەسەر میللەت

تەطبيق بكرێ، كەسيش ناتانى سەر برندكا سەر هەردا موناقەشە بكا، چونكى قانونەكان رەبانين ئەوەی ڕەفضى بكا كافر دەبى وە سجن و موحاكەماتيش حازرە، دەيتانى ئەوها بكا پێغەمبەر صلى الله على وسلم ئەو وەختى قوڕەيش و غەيرى قوڕەيش نەيدەتانى بەرامبەرى ڕاوەستى، چونكى سوڵطەى لە دەستە سوڵطەى تەقنينى قانون دامەزراندن لە دەستيتى، قانونيش لە (رب العالمين)ەوە لۆی دێ، جەمعى موئمينينيش رۆژ بە رۆژ لە زياد بوون دان ئەوانيش موعينينە ئەو وەختى مەطاليبى خوايى دەهاتە جێ، ئەمما ئەوەی ڕەفض كرد پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم.

عەرضى دووەم: ئەوە بوو كە بيكەنە دەورەمەندترين كەس، حەتتا بيكەنە شەريك لەو واريداتانەی كە داخيل و خاريجى مەككەی دەكرێ، ئەويش پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حەتمەن كوو دەورەمەند بوو مليۆنێر بوو ئەثناى زەواجى بە خەديجە، پارەكەی فى سبيل الله زۆرى صەڕف كرد، ئێستا دەتانى نەفسى مەقامى ماددى ئيعادە كاتەوە لەبۆ خۆی پارەكى زۆر و زەوەندە لە قوڕەيش تەقطيع كا، دەتانى ئەو وەختى هەر مواجەهە و موجابەهەی قوڕەيش بكا، حەتتا صەناديد و گەورەكانيشى بە واسطەی پارە.

مەثەلەن ئەبوسوفيان خورماى هينايە دەيتانى هەرچى خورما هەيە بيكڕی بە كەمتر بى فرۆشى ئەو وەختى ئەبوسوفيان دەتانى ئيفلاس كا، ئيفلاسى بە ئەبوسوفيان دەكرد، وە هەروەها دەورەمەندەكانى كەش مەجبور دەبوون هەموويان بێن دەستيان لە ناو دەستى پێغەمبەر دابنێن، ئەو وەختى پێغەمبەر خۆی موهەيمن و موسەيطر بى ديسان لەبۆ قەڕاڕات و ئيقتيصادى ناو مەككە، طەبەقەكى زۆر گەورەش هەيە ضەخم لە سەطحيين و بوسەطاء، كە هەموويان مەسحوقن و طەبەقەی طەبەقەی كادحيين و موستەغيليين موظطەهديين، ئەوانە هەمووی شەريحەك موحتەمەلە لە سەتا نەوەتى مەككەيى بن، ئەوانە حەتمەن تەئيديان دەكرد لەبەروەی پارەكەش وفقى ئيرادەی رەبانى تەوزيع دەكرد، ئەو طەبەقە زۆرە موئەيدينى پێغەمبەر دەبوون، لەوان دەيتانى جەيشەك دروستكا، ئەو وەختى ئەو شەريحە كەمە لە سەتا دەيە كە لەناو مەككە مەوجود بوو نەيدەتانى مواجەهەی قووەتى ماددى و مەعنەوى پێغەمبەر بكا، ديسان پێغەمبەر سەيطەرەی دەكرد وە دەيتانى فەرضى مەفاهيمى قورئانى و دينى بكا لەسەريان، ئەوەشى هەر ڕەفض كرد، سەبەب چييە؟ سەبەبەكە لە چەند نوقتەكى موعەيين.

يەكەمين: بە تەصەوری مە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم قەضييەكى نەهينابوو ديفاع لە مەجموعەك مەظلومين و موضطەهيدين بكا، ضدى طەبەقەكى ئۆرۆستوقراتى و دەوڵەمەند كە موتەحەكيمن كە سەيتەرەيان كرديتە سەر قوتى خواردن و خواردنەوەی ئەو ميللەتى ئەو زەمانى، فيعلەن ئەوجە طەبەقە مەظلومينەكە كە شەريحەيان عەدەديان ضەخمە تەئيدى پێغەمبەر بكەن، وە پێغەمبەر بتانى

ئەوانە تەجميع بكا، ئەوجە قووەتەكى بەشەرى لەوانە تەكوين بكا فەڕضى مەطاليب و مەضامينى خۆى بكا لەسەر موجتەمەع.

ڕاستە قوڕئان ئائەوەى تێدابوو بەحسى ظوڵم و بەحسى عەدالەتى ئيجتيماعى عەدالەتى ئيقتيصادى دەكرد، ئەمما قوڕئان لەبۆ هەموو بەشەر هاتبوو، قوڕئان موخاطەبەى هەموو بەشەرى دەكرد وە دەشكا بەس لەبۆ ئەوچينە نەبوو، ئيذەن موخاطەبەى پێغەمبەر صلى اللهعليه وسلم لەبۆ هەموو بەشەرە بە هەموو نەوعياتى، موحتەمەلە لە ئيجتيهادى خۆى ئەو تەصەوڕەى بكا، ئەگەر فيعلەن هاتوو طەبەقەى دەورەمەند هاتنە ناو دين ئەتباعيان زۆرە نفوذيان زۆرە دەتانن ئەوان خۆيان تەئسير لەسەر ئەتباع و نفوذيان بكەن، ئەو وەختى ئەتباع و نفوذى ئەو دەورەمەندانە تابيعى دينەكەى دەبن، موحتەمەلە ئيجتيهادەكى ئەوهاى كردبى حەتتا ئەو نەوعە ئيجتيهادەش لە (رب العالمين)ەوە تەصحيح كرايە، ياخود تەصويب كرايە.

سوڕەتى عەبەسە ئەوەى خيندبى وە خاصەتەن لە ضيلال لە تەفسيرى ضيلال موراجەعەى بكەن، كو رب العالمين تەرشيدى محمد دەكا صلى الله عليه وسلم، ئەگەر هاتوو ئا ئەو صياغەش لە مێشكيدا هەبى ئەويش بە دوور بێخى، چونكى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كە ناقيلى كلام الله موباشەرەتەن لە ئاسمان لەبۆ عارد، تەوجيهى هەموو بەشەرەكان دەكا، بەبێ ئەوەى ئەو بەشەرانە ديكۆرەك يان ئيعلامەك لە دەستيان برند كردبى، ئەوە لەبۆ طەبەقەى فولانييە يان فيئەى فولانييە.

لە عەينى وەقتيش لەو فەترە كەمە مەحدودە كە چار سارە دەعوە قەرارى گرتييە لە ناو مەككە، حەتمەن ئەو مەجموعەى كە هاتينە ناو ئەو دينەى ئەگەر طەبەقەكەش مەظلومى زۆر بووبى، ئەمما ئەو عەدەدە نييە فيعلەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئيعتيمادى لەسەر بكا، وە لەو كەفائەتە دەرەجەيەش نييە كە ئيعتيماديان لەسەر بكرێ، ئيذەن لەو فەترەيەى ئەگەر هاتوو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سيادە ياخود مەسئوليیەتى مەككە كە درايە دەستى وەريگرت، ئائەو طەبەقە مەظلومە لەو بوعدە ئيمانييەى نييە جارێ خۆى لە داخيلى خۆى لە قەناعەتى خۆى هەرچى مەئمورات هەيە بتانى تەصەددى بكا، و بتانى نەقليشى كا لەبۆ واقيع، خۆى و ئەو جەمعە موئمنينانە نەگەيشتينە ئەو موستەوايە.

فيعلەن جنودبن دەولەتى ئيسلاميان لەسەر بينا بكرێ، جارێ مايتيان دەبى فيعلەن بينا بكرێن، پێغەمبەر صلى اللهعليه وسلم لەگەريان جوهود صەرفكا، وە رب العالمين تيباعەن ئاياتى قوڕئانيان بێتە خوارێ لەسەر، ئەو وەختى ئائەو مەفهومە وەكو سابيق بەحسمان كردن لەناو داخيلى خۆيان مومارەسەى پێ بكەن، ئەوجە لەبۆ واقيع تەحويلى كەن، عيلمەن لە قوڕئان جارێ موحتەمەلە پازدە سوڕەت هاتبتە خوارێ خۆشى سەت و چاردە سوڕەتە، حەتمەن عەن طەڕيقى وەحييە ديسان بە

پێغەمبەر گوترایە ئەگەر هاتوو عرۆضی ئەوها لەبۆ تەقدیم کرا قبوڵی مەکە، جارێ ئەتوو عەدەدەن ئەو عەدەدە جەمعە موئمنینانەت نییە، ئیمانییەن ئیعتیمادیان لەسەر بکەی.

لە عەینی وەقت واقعییەنیش ناتانی لەو جەمعە کەمە موعەسکەرەك تەشكیل بكەی حیمایەی ئیسلامی پێ بکەی، پاشان ئەگەر هاتوو قبوڵیشت کرد ئەتوو دەولەت تەشکیل دەکەی یا محمد، کە دەولەتت تەشکیل کرد ئیحتیاجت بە زۆر هەیئات و موئەسەساتی ڕیسالی هەیە نەك ئیسلامی و دینی چونکی پێغەمبەر ڕەسولە ئەو هەیئاتانەی کە پێغەمبەر یان ئەو موئەسەساتانەی کە پێغەمبەر دروستی دەکا دەبی لە مستەوای ڕیسالەت بی، لە موستەوای پێغەمبەر بی صلی الله علیه وسلم، باشە ئەو جەمعە موئمینینانە دیسان لە کەفائەتی نەوعی نەگەیشتینە ئەو موستەوایە، ئەگەر هاتوو مەثەلەن زەید من الصحابة کردییە وەزیر ئیعلام، فلانیشی کردە وەزیر ئەوقاف لەبەر ئەوەی هەم وەزیر ئیعلام و هەم وەزیر ئەوقافی لە مستەوای وەزارەتی ئیعلام و ئەوقاف نییە.

کە دێ ئیحتیکاك دەکا لەگەر جەمعی مەککەیی نوقاطی ضوعف دەدا، خەلەلی تێدا هەیە، خۆی لە ئەساس ئەوها بیناء نەکرایە جارێ کە خەلەل دەدا خەلەلەکە دەکەوتە سەر دین، دەکەوتە سەر ڕیسالە دەکەوتە سەر قورئانەکەی، ئیذەن لە نوقتەی سێیەم دیسان لەبەر ئەو سەبەبەی نابی محمد ئائەو مەوضوعەی وەربگری، موئمینەکان جارێ جەمعی صەحابە نمو و نضوجی ئیمانی و فەهمی ئیسلامیان نەگەیشتیتە ئەو مستەوایەی، پاشان لە عەینی وەقت ئەوان موحتەمەلە ئائەو جەمعە قورەیشیە خەریتەکیان لە کنبی، ئەویش خەریتەکە ئەوە بی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەصەددی پێ بکەن لەبۆ ئائەو موشکیلەیە ضەخمە کە مەوضوعی سیادە و ملوکییەت کردنە لەسەر مەککە، ببتە گەورەیان ببتە مەسئولیان، چونکی یەك جوملەکی زۆر ئەعدادی هائیل لە مەشاکیل هەیە لەناو مەککە.

مەثەلەن قەضییەی زەواج بەس چار نەوعە زەواج هەبوو، سێیان زینا بوو یەکیان شەرعی بوو، هەر چاریشیان موصەڕەح بوو، هەر سێ نەوعە زینایەکە تەصریحی قانونی هەبوو، حەتتا ئافرەتەکان لەسەر دەرکەیان دەنوسرا ئائەوە فاحیشە چییە، ئەو ئافرەتە ئەو ئافرەتە زانییەیە، یاخود نەوعە زینایەك هەبوو بەس لەناو طەبەقەی راقی و فاهیم و موثەقەف و دەورەمەند دەکرا، ئەویش مەثەلەن کابرایەکی نەجیب موحتەڕەم هەیە لەناو موجتەمەع لەناو قەبیلەتەك لەناو عەشیرەتەك، کابرایەك بە ژنی خۆی برێ بڕۆ ئەتوو دە شەو میوانی ئەو کابرایەی بە هەتا مندارەکی لێ حەمل دەکەی، نەجابەتەکەی ئەوکابرایەی کە دە شەو ئەو ژنە لە کنیتی نەجابەت و شەرافەت و ئەنسابی ئەو کابرایەی لەبۆ ئەو مندارەی نەقل ببی ئەگەر کوڕ بوو، ئەوە نەوعەکی زینا بوو زۆر مەعرۆف و مەکشوف بوو لەناو.

ئەوجە ماعەدای مەشاکیلی ئیجتیماعی، ئەو هەموو طەبەقە شەریحە زۆرە لە عەبد، ماعەدای وەی مەثەلەن مەشاکیلی ئیقتیصادی یەك لەوانە قەضییەی ڕیبا، ڕیبا هەموو بەدەنی مەککەیەکانی گرتبوو، یەعنی عالەمەکی زۆر کە دەبوونە جارییە یان عەبد بە واسطەی ڕیبا دەبوونێ، چونکی ئیمکانییەتی ئەوەیان نەدەبوو ئەو پارە ئائەو قەردەی کە لەسەریانە دەفعی کەن، مەجبور خۆیان رەهن دەکرد لەکن صاحێب مار، لەکن صاحێب پارە، بالنهایة صاحێب پارە ئیستیغلالی دەکردن دەبوونە عەبد لەکنی، یان دەبوونە جارییە ئەگەر ئافرەت بایە.

ئەو هەموو کەممە هائیلە لە مەشاکیلی ئیجتیماعی، مەشاکیلی ئیقتیصادیی، مەشاکیلی فیکریی، ماعەدای ئینحیرافی عەقیدی و ئیمانی، خۆ نوێژیان دەکرد ئەوانیش رب العالمین لە قوڕئان دەفەرمی قوڕەیشیین نوێژیان دەکرد، پێشی پێغەمبەر (وما كان صلاتهم عند البيت إلا مكاء وتصدية فذوقوا العذاب بما كنتم تكفرون) (الأنفال٣٥)، خۆ حەجیان دەکرد،(أجعلتم سقاية الحاج وعمارة المسجد الحرام كمن آمن بالله واليوم الآخر) (التوبة١٩)، هەتا ئاخیرین ئایەت تەلبییەیان دەکرد وەکی کو ئێستا حەجاج بە دەوری بەیت دا دەسوڕێ ئەوانیش ئەوها دەسووڕان، ئەو هەموو دینە لەکنیان مەوجود بوو، باشە ئەو ئینحیرافە عەقیدییە لەگەر ئەوەش سێ سەت و شێست و قسور صەنەم بت لەناو بەیت نەصب کرا بوو، لۆ هەر بتەکیش مجێورەك سەیدەك هەبوو، دەبا ڕیعایەتی بکا ئائەو سێ سەت و قسور سەیدە مجێورە کە عەقل و فیکر و فەهمی مەککەیی و عەڕەبەکانی ئیستیغلال کردییە، سەیتەرەی لەسەر کردینە، هەر لەگەر وانە زەحمەتە مەشاکیل دروست دەبی.

ئائەو هەموو مەشاکیلانە حەتمەن رب العالمین عەن طەڕیقی وەحی ئیعلام و تەکریمی موحەممەدی کرد، ئائەو عڕوضانە کە لەبۆ دەکرێ هەمووی خەریتەکە موحتەمەلە ئینقیلابی بی، سبەی دوو سبەی سەیتەرەی لەسەر بکەن، نوقاطی ضوعف دەدەی ئەو وەختی ئەتوو ئەو نوقاطە ضوعفانەش دەکەوتە سەر ڕیسالەت دەکەوتە سەر دینت، لۆیە یا محمد قبوری مەکە، باشە چ بکا (واصبر نفسك مع الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه) (الكهف٢٨)، لەگەر وان بە لەگەر فیعلەن ئائەوانەی کە ئیمانیان پێ هینای، حەتتا بوسەطاء بن حەتتا عومریان گچکە بی گەنج بن، حەتتا بێ دەسەرات و بێ دەرامەت و بێ پارەبن، هەر لەگەروان بە هەر لەگەر ئەو مەجموعەیەی بە، ئەو مەجموعەیە بینا بکە.

ئەو مەجموعەیە وەکی ئەو دەورەمەندانەش رب العالمین مەواهیبی داینێ، مێشکی داینێ، عەقڵی داینێ، کو ئەو دەورەمەندە عەقلی خۆی کەشف کردییە، بە واسطەی عەقلی خۆی ئێستا تانیتی لە شەڕ ئیستیعمالی بکا و سوء ئیستیغلال و ئیستیفادە لە موقابیل بکا، بە واسطەی ئەو عەقلەی ڕیبای دامەزراندییە لۆ دەورەمەند بوونی خۆی، ئەتووش یا محمد دەتانی لە فلان عونصوڕ لە نەفەرەك

وەکو عوثمان بن عەففان یان نەفەرەك وەکو عەمر ئبن عاص بتانی شەخصییەك ئەوها برند دروست بکەی، رب العالین نەفسی ئەو عەقلەی کە دایتییە ئەبوسوفیان دایتییە ئائەو نەفەرەش، کە ئەتوو ئیمانت لە قەلبی دروست کرد فیعلەن ئەو عەقلە ئیجاد دەکرێ، کە عەقلەکە ئیجاد بوو دەتانی فیعلەن حوسنی ئیستیفادە لەو مەواهیبانەیان لەو موعطەیاتانەی کە رب العالمین دایتییێ لەبن دەستی ئیستیفادەی لێ بکا.

ئەو وەختی موحتەمەلە ئائەو عەبدولرەحمان بن عەوفە یان ئەو عوثمان بن عەففانە لە موستەوای ئەبوسوفیان بی لە تیجارەت، بەس قەضییەکە زەمەنە ئینتیزار بکە یا محمد، کە ئەتوو ئائەو عەناصرانەت وەلێ کرد ئیمانیان قبوڵ کرد، بەو ئیمانەی بەو حەیاتە حەقیقیەی کە ئیمان لەبۆیان دروست دەکا، بەو فەتحی عقولەی کە ئیمان لەبۆیان دروست دەکا، ئەو وەختی دەتانن فیعلەن بێنە ناو مەصەببی حەیات بێنە ناو ساحە کەسبی ئیقتیصادی بکەن، ئەوانیش دەورەمەندیان لێ دروست ببی، تەماشای ئەوەی مەکە فلانە نەفەر ئیمکانییەتی عەقلی تەخطیطی هەیە زۆر زیرەکە لەبۆ خەریتە دانان.

باشە رب العالمین بەس ئەو عەقلەی دایتە ئائەو کافرەی یان ئەو موجریمەی یان قوریشیەی یا محمد؟ لە جەواب پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمی نەخێر، مادام رب العالمین هەموو بەشەری لەیەك موستەوا دروست کردییە حەتمەن هەریەکە مەواهیبی داینێ، ئیذەن لەسەر پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم هەر ئەوەندە هەیە لەگەر موصعەبی موحاوەلە بکا موصعەبی بگەینیتە موستەوای مەطلوب، بە چ؟ بە ئیمان دروست کردن لە قەلبی موصعەب، لەگەر صوهەیب کابرایەکی دەست کورتە دوکاندارە لەناو مەککە شیر دروست دەکا، خۆشی ئەوروپییە لە ئەوروپا هاتییە لەڕووم هاتییە لەوێ نیشتەجێ بووە، صوهەیب کابرایەکی بێ دەستە بێ دەرامەتە، موحتەمەلە ئەگەر هاتوو یا محمد ئەتوو لەگەر صوهەیب موحاوەلەت کرد، صوهەیب ئیمکانییەتی مەوهیبەی عەقلی ئیدراکی وەی لێ بکای فیعلەن لە موستەقبەل لە موستەوای دەولەتەك حوسنی ئیستیفادەی لێ بکەی.

ئیذەن هەرچی عروض هەبوو لەبۆ پێغەمبەر لۆوەی زوو بگاتە مەنصەب قەفزات بەکا، فیعلەن حالەتەك دروست بکا بە قەناعەتی خۆی موحتەمەلە زوو بیگاتێ رب العالمین ئەوانەی هەموو لێ قەطع کردییە، و نەهی کردییە لێی نزیکیشی بکەوی، باشە حەشکەی چ بوو؟ نەبووە صاحێب سوڵطە نەبووە صاحێب پارەش، باشە چ بکا؟ رب العالمین خۆی خەریتەی لۆ دادەنێ، دەرێ فیعلەن لەگەر ئائەو جەمعە کەمە کە چلن یاخود شێست نەفەرن لەوانە ڕیجال دروست بکە، عەن طەڕیقی عەطائی ئیمانی فیعلەن خوای بناسن، کە خوایان ناسی بە حەقیقەت کە خوا سەمیعە کە خوا بەصیرە کە خوا

ڕەقیبە کە خوا عەلیمە خەبیرە قەناعەتیان هات بیست و چار سەعات خوا بەو نەوعەیە لەگەڕیان، فیعلەن ئەوانە طاقاتی هائیلی ناو قەلبیان ناو مێشکیان لەناو بەدەنیان هەمووی تەطویع دەکەن لەبۆ خەیری ئەو ئیمانە.

لۆیە تەماشاکەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە سێ مانگی دەولەتی تەشکیل کرد نەك بە سێزدە ساڵی، بە سێ مانگی هاتن جەماعەتی بەیعەی عەقەبەی یەکەم لەبۆ پێغەمبەری مۆریان کرد بوونە موسڵمان، کە گەڕانەوە بەس یەك نەفەری نارد یەك نەفەری نارد موصعەب، موصعەب دەولەتی تەشکیل کرد بە ضەرفی سێ مانگ، بەس پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چوو ئیفتیتاحی دەولەتەکەی کرد لە موستەوای رەئیس جمهور و مەلیك ئیستیقبال کرا.

ئیذەن ئەگەر بهاتبا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئائەو عەرضەی ئەو زەمانەی قبوڵ بکردبا لەوێ فەشەلی دەهینا، موحتەمەل بوو فیعلەن ئەبوسوفیان ئەبوجەهل ئەبولەهەب بە زۆر بکرابانایە موئمین، کە بوونە موئمین ئەمما قەلبیان موئمین نییە، وەکو موناففینی مەدینە کو لە مەدینە خەڕائیط و تەخطیطات دروست دەکرا لەبۆ ضددی پێغەمبەر و ئیسلام، نەفسی شت موحتەمەلە لێرەش دروست بکرێ، عیلمەن خۆی جارێ ئیمان نەمامە نەبوویتە درەخت، بە بۆکسەکی بەسیط یا بە پێدانەکی سەبر لەناو دەچی مەحوو دەبی.

ئیذەن خەریطەی ڕیعایەتی ئەو ئیمانە وە چۆنییەتی دروست کردن لە قەلبی صەحابە رب العالمین خۆی کەفیلە، نابی بە خەریطەی بەشەری بێ نابی وفقی تەخمیناتی بەشەری بێ، ئەمە دانیشین مەصالیح و مەنافیع لێك بدەینەوە فیعلەن موحتەمەلە ئەوها بکرێ نەتائیجی ئەوها لێدەبی، ئەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئائەو حالەتەی رەفض کرد، خۆی نەدا دەست قوڕەیش، باشە قوڕەیش لێرە وازی لێ دەینی؟ حەتمەن مەرحەلەکیتکە دێتە پێشی بتانی کو بە چ صیاغەك تەعامول لەگەر پێغەمبەری بکا صلی الله علیه وسلم، مادام تەرغیبات مورەغیبات ها ئەوە کورسی، ها ئەوە سوڵطە، ها ئەوە وەزارەت، ها ئەوە مولوکییەت، ئەوە ڕیئاسەت، ئەوانەی هەموو قبووڵ نەکرد، باشە لە سوئال دەرێن لۆ ئائەو ئیدراکەش بە عەقلی قوڕەیش داهات فیعلەن دەرسی سابیق بەحسمان کرد.

شەیطان ئیبلیس بە هەموو ئیمکانیات خۆی بە هەموو جنودی خۆشی موشارەکەی خەریتەکانی دەکرد، چونکی بەحثمان کرد لەناو قوڕەیش جەمعەك هەبوون ئیتیصاڵیان بە شەیطان هەبوو شەیطان خەڕائیطی لەبۆ دەهینانە خوارێ، عەن طەڕیق وەحی شەیطانی ئیشیان دەکرد، کو تانی فیعلەن ما تەبەقای قوڕەیش ئیحساس بەوەی بکا موحتەمەلە محمد مەقصەدی پارە بی، لە سووەڕی یەکەمی قورئان مولاحەظە بکەن ئەو سووەڕانەی کە بیدایەت هاتینە خوارێ یەك حالەت رب العالمین کەشف دەکا لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەریش عەرضی کا لەسەر ئائەو جاهیلیانە ئەوەیە

قەضییەی مار پارە، کە رب العالمین پارەی دانایە وەکو وەسیلەك حاجەی بەشەری پێ دەفع بکرێ، نەك پارە ببتە وەسیلەك بەشەری پێ تەحطیم بکرێ، بەشەری پێ تەقید بکرێ، بەشەری پێ بکوژرێ، ببتە سیلاحەك لە دەست بەشەر ضدی بەشەر.

کە بەحسی پارە دەکا لە سووەڕی یەکەمی قوڕئان، هەر پاشی بەحسی ربوبییەت دێتە سەر صییەغی ئینتیقادی ناو مەککە، کە فیعلەن پارە کو سوء ئیستیفادەی لێ دەکرا، لەبەر ئەوەی مەککەیش دائیمە شعوریان لەگەر پارە و لەگەر ئەڕباح و لەگەر سیاسەی ئیقتیصادی و کو فیعلەن بتانن زۆرترین پارە بە کەمترین وەقت، ربحەکی زۆر بە وەقتەکی کەم تەحصیل کەن، دائیمە لەو فکرەی دانە دائیمە لەو مەزندە و تەخطیطانە دانە، (رب العالمین)یش لەو حالەتەی دێ ئینتیقادیان دەکا، لەوەیەوە حیسابی ئەوەیان دەکرد موحتەمەلە پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم مەقصەدی ماددە بی پارەبی، یان لە خۆیانەوە قیاس دەکەن خۆیان داخیلی خۆیان هەموو مەقاصیدیان ماددەیە، هەموو مەقاصیدیان پارەیە وە پارە عەموودی فەقەڕی وجودیانە، موحتەمەلە لە خۆشیانەوە قیاس بکەن ئەمما ئەو ئایەتانەی رب العالمین کە ئینتیقادیان لێ دەکا لەناو مەککە، هەر لە سوڕەتی الفجر چارەمین سوڕەتە کە دادەبەزیتە سەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمی: (كلا بل لا تكرمون اليتيم) (الفجر ١٧) (ولا تحاضون على طعام المسكين) (الفجر ١٨) ئەوە هەمووی بە پارە دەکرێ، (وتأكلون التراث أكلا لما) (الفجر١٩)، زۆر لەبۆ حەڕام خواردنی ئازا و زۆریشتان پێ خۆشە، (وتحبون المال حبا جما) (الفجر٢٠)، لەوان وابی موحومەدیش ئەوهایە.

یان ئایاتیتکە: (فأما من أعطى واتقى) (الليل٥) (وصدق بالحسنى) (الليل٦) (فسنيسره لليسرى) (الليل٧) (وأما من بخل واستغنى) (الليل٨) هەربێ (وكذب بالحسنى) (الليل٩) (فسنيسره للعسرى) (الليل١٠)، ئەوە هەمووی ئایاتی بیدائینە کە فیعلەن حالەتی مەککەیی قیاس دەکا، لەوان وابی پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم ئەوهایە بە واسطەی ئەو مالە ئائەو سەفقەیە دەتانن سەیتەرە بکەنە سەر محمد و سەر فیکر و قوڕئانی محمد، ئەمما لەبەر ئەوەی محمد موتەصیلە بە رب العالمین، خەڕائیطی محمد لە مێشکی خۆی نییە، ڕەسولە وەحی لەبۆ دێتە خوارێ، ئیذەن دەبی حالەتی وەرگرتنی سیادەت یاخود ملوکییەت یاخود جەمعی پارە ئیللا دەبی عەن طەڕیقی رب العالمین بی، کە ئەوانەی هەموو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەجێ هێشت، دیسان لیجنەی قوڕەیش ئیجتیماعی کرد، هەر بیست و پێنج قیادی عەمالیقە مەوجودن، باشە ئەوە بە تەرغیبات زۆرمان لەگەر کرد، موفاوەضاتە ئەوە ئەبوطالیبمان لۆ نارد ئەوە خۆمان چووینە کنی، ئەوە وفودمان ناردە کنی، بە هیچیەکی رازی نییە، حەل چییە؟ شەیطانیش نەفەری چارەمە لەوێ مەوجودە، ئەو جارە ئەسالیبیتیکە لەگەری ئیستیعمال بکرێ صلى الله عليه وسلم ئەویش دوو بوعدە.

بوعدی ئەلف: حەڕبی نەفسی، نەفسییەن لە داخیل پێغەمبەر لێ بدرێ کە لە داخیل کەت پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم ظاهیرەن ڕیسالەی کەتییە، لە داخیل صەمیمی محمد صلی الله علیه وسلم حەڕبی لەگەر بکرێ کە داخیلییەن محمد کەت ظاهیرەن ڕیسالەی فەشەلی دینی، ظاهیرەن سقوط دەکا، دەبی هەر بێ لۆیە هەموو شەیاطین صیڕاعیان لەگەر داخیلی ئینسانە، وە دائیمەن صیڕاعیش لە داخیلە قاعیدەیە ئەوە، حەتتا جوملەی قوڕئان جوملەی سوننە هەمووی بەو نەوعەیە صیڕاع دائیمە لە داخیلە، چ وەختەك داخیل کیهان طەڕەفی ناجیح بوو ظاهیڕ وە هەموو وەسەط تابیعی ئائەو طەڕەفەی دەبی، کە صیڕاعەکەی لە نیهایەت پێ هینایە.

بەینی شەیطان و بەینی مەلائیکەت صیڕاع دەبی زۆر جار ئەگەر شەیطان بردیەوە حەتمەن ظاهیری ئینسان تابیعی ئەو شەیطانەیە کە لە داخیل بردیتیەوە، حەلەبەی صیڕاع لە داخیلە، ئەگەر مەلائیکەتەکە بردیەوە ظاهیر ئینسانەکەی تابیعە لەبۆ ئەو مەلائیکەتەی کە لە داخیل لەسەر حەلەبە نەجاحی هینایە، ئیذەن شەیطان ئیلهامیان دەکا وەحیان لەبۆ دەنێری دینی، کە فیعلەن حەڕب لەگەر پێغەمبەر ئیستیعمال بکەن، چ نەوعە حەڕبەك؟ حەڕبی نەفسی داخیلی، کو یەکەمین جار لەگەر ذاتی خۆی لەگەر شەخصی خۆی طەبعەن ئەوە ئوسلوبی قەدیمە دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد، لەگەر ئەغلەبی ئەنبیاء ڕوسول ئەوە ئیتیباع کرایە، ئەها فیرعەون بە حەزرەتی موسا دەرێ: (قال ألم نربك فینا ولیدا) (الشعراء١٨)، عیلمەن خۆی حەزرەتی موسای بەخێو کرد، (أو نتخذه ولدا) (القصص٩) ژنەکەی ژنی فیرعەون بە فیرعەون دەرێ بە منداری قبوری بکەین بەخێوی دەکەیەن، (عسی أن ینفعنا) موستەقبەلەن موحتەمەلە ئیستیفادەی لێ بکەین، وە حوسنی ئیستیفادەی لێ دەکەین.

حەزرەتی موسا بووە کوڕی فیرعەونی لە موخاطەبەی قوڕئانی: (قال ألم نربك فینا ولیدا) مندارەك بووی لەکنمان، یەعنی ئوسلوبی قوڕئانی کأنە فیرعەون دەیەوێ کەفائەتەن بداتە حەزرەتی موسا، تەنقیفەکی بەشەری بداتە حەزرەتی موسا، لۆوەی فیعلەن موسا لەبەر ئەوەی لەماڵی فیرعەونی گەورە بووە، وە بەغیذاء و خواردنی فیرعەونی گەورە بووە، هەموو خەلایەی جسمی بەوی پەروەردە بووە نمو بووە، حەتمەن ئەو وەختی موحتەمەلە سەرەك دابگری برێ فیعلەن چاکەکت لەسەر من هەیە، فیعلەن ئەتوو صاحێبی یا وەلی نیعمەتی من بووی، گەورەی من بووی بەخێومت کرد، نیعەم هەمووی لە چاوە توو بوو، نەفسی ئوسلوب لۆوەی فیعلەن موسا بکەوی، کە کەت ڕیسالەکەی مەقامی نامینێ، کە بووە تابیع بەو کەتنە نەفسییەی دەبی فیکرەن و قەناعەتەن تابیعی فیرعەونی بی، (ولبثت فینا من عمرك سنین) (الشعراء١٨) حەتتا تاریخیش دەزانی ئەتووچی، چ موکەسەراتت کردییە، چەندت کوشتییە کو هەستای کو دانیشیتی، نەفسی ئوسلوب کأنە شەیطان کو فێرە فیرعەونی کرد لێرە، لێرەش دێ ئەبوجەهل و ئەبولەهەب فێردەکا بە نەفسی ئوسلوب ئەویش

بەچ؟ بە ئیستیهزاء کردن بە پێغەمبەری، رب العالمین لە قورئان دەفەرمی لە سەر زاری قورەیشیەکان (وقالوا يا أيها الذي)، نارێن یا محمد ئەها وەکی فیرعەونی، (وقالوا يا أيها الذي نزل عليه الذكر إنك لمجنون) (الحجر٦)، ئەی ئەوەی ئیدیعا ئەها زۆر جار مەثەلەن کە ئەخبار نەقڵ دەکرێ دەرێن وە قیلە ئەو قیلە زۆر مەقامی نییە، لە ئەوساطی مەسموعات ضەعیفە بە ضەعیف قبور دەکرێ، ئەمما ئەی ئەوەی ئەتوو وەدەرێ کأنە شتەکە ئیخۆتە لە گیرفانی خۆت دەرت هینایە، (وقالوا يا أيها الذي نزل عليه الذكر إنك لمجنون)، ئەتو دیارە حەتمەن شێتایەتی ئەتووی گرتبی، چونکی تەوەقوع ناکەن بە قەناعەتی خۆیان حەیاتەکە هەر ئەوەندەیە، سوڵطە و پارەیە، ئەو دووەشیان دایێ وەری نەگرت حەتمەن دەبی شێت بی، ئائەوە جەمع کرا ئیجماعی لەسەر کرا لەناو سوڵەطای قورەیش لەناو زوعەمائی قورەیش، ئائەوە نەشر بکرێ لە مەککە، ئەو دیعایە بکرێ لەناو عەوام پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەجنونە شێتە.

ئەمما رب العالمین لە طەرەفی موقابل دیفاعی لێ دەکا: (ما أنت بنعمة ربك مجنون) (القلم٢) نەك صەحابە رب العالمین دێ دیفاعی لێ دەکا، ئائەوەی قسەکان دەگێریتەوە جەمعەك موجرمینن عەن طەریقی وەحی شەیطانی دێن مواجەهەی ئەو دەعوەیەی دەکەن، ئەمما کێ دیفاعی لێ دەکا رب السموات السبع (ما أنت بنعمة ربك بمجنون) (وإن لك لأجرا غير ممنون) (القلم٣) (وإنك لعلى خلق عظيم) (القلم٤)، ئەگەر فیعلەن مەجنون بایە دەبا خولوقی هەبی، خولوقیش لەو موستەوایەی بی فیعلەن عەظیم بی کە رب العالمین ناوی عیظەمی لێ بنێ لەو موستەوایەی بی، چونکی شێت مەعروفە حەرەکات و نەشاط و سلوکی وفقی عەقل نییە، ئیرادەی لەسەر نییە، ئەوە موستەمیر ئەوە نەشرکرا فەترەکی چاك چەند مانگ.

مەثەلەن کابرای ئەعرابی لە خاریجی مەککە دەهات ئیشی هەیە لەناو مەککە لەبۆ تیجارەت، یان لەبۆ لیقائات ئیشەك خاص دەهات یەکسەر ئەبولەهەب یەقەی دەگرت، دەیگۆ بابە هەرچیت کرد ئیعتیادییە ئەمما پاشان ئاگاشت لێ بی لە مەککەی حاشاکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شێتەك پەیا بووە، ئیدیعایەی ئەوەی دەکا لە ئاسمانێ ڕا ڕیسالەی لەبۆ دێ و عیلاقەی لەگەر ئاسمان هەیە، یەکسەر کابرا موسبەقەن بەنج دەکرا لۆوەی فیعلەن هەرچی مەسموعات هەیە بە نسبەت وەحی رەبانی قبوری نەکا، حەتمەن ئەمەش و ئەو زەمانی کابرای ئەعرابیش ئەوەندە عەقرەی هەبووە نەچی لە تەنیشت شێتەکی دانیشی قسەی لێ ببیستی، حەتمەن کابرای ئەعرابی ئەوەندە عەقرەی هەبووە باشە کە محمد شێت بی ناچتە کنی، ئیذەن تانیان فیعلەن زەمەنەن وە نەوعەن مەجموعەك شەریحەك زۆر لە عالەم لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم قەطع کەن، ئەوە لە ذەکاء و دەهائیان بوو ئەمما ئیخۆیانە دەرێن نەخێر لەئی شەیطانە، ئەوە فەترەك بەو نەوعەی بەسەریان برد.

نەوعەکیتکە ئوسلوبەکیکە هەر لەناو ذاتی قورئان ئیشکالات دروست کەن، چونکی سەت کەس باوەڕی بەوەی کرد کە پێغەمبەر مەجنونە موحتەمەلە لەو سەتەی دەی ئەو عەقرەی هەبی برێ بابە با بچین ئیسپات کەین بزانین فیعلەن ئەوە شێتە، ئەو دەیەی کە دەچی ئیتیصاڵ بە پێغەمبەری دەکا ئائەو دەیە یەکسەر ئیمانییەن حەقن دەکرێن، پێغەمبەر دەتانی جسری لەبۆ دروست کا لەبۆ قەلبی، ئیذەن لەو سەتەی دەیان خەسارەت کردعەن طەڕیقی چ بەوەی ئیسپات بوو لەکن ئەو دەیەی کە پێغەمبەر شێت نییە، ئیذەن ذاتی محمد تانی حیمایەی خۆی بکا چونکی حالەتەکە لە ذاتی خۆی مەوجودە، کە ئیحتیکاك دەکا بیست و چار سەعات لەگەریانە چ حالەتەکی هیستیری چ لە خۆ چونەك چ حاشاکی وی قسەی نابەجێ و نارێك ناکا، مەواقیفی نابەجێ و نارێك کەشف ناکا لەکن موقابیل، ئیذەن ئەگەر بشکرێ چەند مانگەك دیعایەی شێتاتی بچتە سەر ئەمما هەتا نیهایەت ناچی، دەبی بەدیلیان هەبی ئەویش چ لە ذاتی طەڕحی محمد ئیشکال دروستکەن، لە ذاتی قورئان ئیشکال دروست کەن.

ئەویش بەوەی: (ان هذا إلا إفك افتراه) (الفرقان٤) هەر مەجموعە حاشاکی قورئان حاشاکی پێغەمبەر درۆیەکە جەمعی کردییە، (وأعانه عليه قوم آخرون) موحتەمەلە مەجموعە موستەشارینیشی هەبی لەبۆی بخینن، ئائەو ئیفکە ئائەو مەجموعە درۆیە جەمع بکا برێ والله ئەوە قورئانە وەحی دێتە خوارێ، لۆ؟ دیسان قیاسەن لەسەر خۆیان چونکی خۆیان ئەوها بوون، خۆیان فیعلەن قەومەك غەیری بەشەری ئیعانەی دەکردن، ئەمما ئەوەش فەترەکی زەمەنی زۆر رۆیشت، لۆ؟ چونکی نەڕۆیشت، لۆ؟ چونکی خۆشیان قەناعەتیان بەو قسانە نەبوو.

لە حادیثەی لە بوخاری لە موسلیم مەوجودە وەلید بن موغیرە لەگەر ئەبولەهەب لەگەر ئەبوسوفیان پاشی ئائەو حادیثەیەی کە بەحسیان کرد ئەوە درۆیە کەس گێی لێ نەگری، طەبعەن ئیعلامیشیان هەیە شوعەرایان هەیە، طەبعەن ڕەطڵی خامسیان هەیە، شورطەیان هەیە، ئەوە نەشر دەکرێ ئیعلام، ئەمما خۆیان بە عەناصری عەن طەڕیقی موسڵمان عەن طەڕیقی غێر موباشیر موحاوەلەیان دەکرد قورئانیان بگاتێ، کە ئەو حالەتە کەم بوو مەجبور خۆیان بچن موتابەعەی وەحی بکەن، سێ حادیثەی سێ شەو یەك لە دوو یەك هەرسێ نەفەر لەبەر ئەوەی عوضەمائی قورەیش بوون، لە شیعر لە فنونی شیعر ئاگادار بوون لە بەلاغەت زۆر زیرەك بوون ئائەو سێیە ئائەو سێ نەفەرە، ئەمما لە عەینی وەقتیش لە بەرئەوەی طەڕحی قورئانی وەحی رەبانی فەوقی وەی بوو، فەوقی شیعر و نەثر و قیصەی زەمانی قورەیش بوو، جاهیلیەت، لۆیە مەجبور پاشی نادیەکانی خۆیان پاشی خواردنەوەکی زۆر پاش سەرخۆش بوون ئەوجە دەچوون ڕێیان لەبۆ ماری پێغەمبەری صلى الله

علیه وسلم، دەچوون لەوێ دادەنیشتن هەتا نزیك سبەینێ پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم ڕاوەستایە لەناو قیامی نوێژ نوێژێ دەکا، قوڕئانی دەخینی گێیان لەو قوڕئانەی بی.

طەبعەن هیچیەکی بە یەك نازانی، هەتا سەعات تاخیر فەترەکی تاخیر برێن سەعات دوازدەی شەوێ، هەر لە باڕو نادی مەککە پاش خواردنەوە ئەوجە بچن گێ بدەنە قوڕئانی پێغەمبەری، لۆ؟ وەکی دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد چونکی قوڕئانەکە لەگەر فیطڕەیان بوو، قوڕئانەکە لەگەر داخیلیان بوو، مۆسیقای ڕۆحیان بوو لەوێ سەرخۆش دەبوون ئەمما دەچوون لەوێ ئیسراحەتیان دەکرد، کە سبەینێ دادەهات ڕۆژ هەردەهات هەر سێك تەمەشا دەکەن لەپەنای دیوارەکانی پێغەمبەری دانیشتینە، گێیان دایتە قوڕئانی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، وەکی لێك کەشف بوون هەرسێك گۆتیان بابە ئەوە ئەمە خۆمان دەرێین ئەوە دڕۆیە خۆشمان ئەوە شەوێ لێرە بردیتمانە سەرێ، باشە عەرەبەکان عەوامەکان ئەمە ببینن چ دەرێن حەیامان دەچی ئەمە.

ئەوجارە ئەوەمان کرد ئەو غەرەتە چی دی ئیعادەی نەکەینەوە گەڕانەوە لۆ سبەی، بۆوە ڕۆژ چوون ئیشی خۆیان شەوی داهاتی دیسان نەفسی شت عەینی سێ شەخص ئەوە لە کوتوبی صیحاحیش مەوجودە، دەچن بە نەفسی جێ هەریەکە لەجێی خۆی دادەنیشی دیسان هەتا نوێژی سبەینێ گێ دەدەنە قوڕئان، ئائەو ئیرتیاحەی کە لەناو قەلبیان دروست دەبی دیارە ئەو قوڕئانە فیعلەن مۆسیقای ڕۆح و فیطڕەیە، بەینی قوڕئان بەینی ئینسان حاجب نییە لەبۆ قەلبی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لۆیە ئیعلامی نەبوو وەزاراتی نەبوو، جەریدە و تەلەفزیۆن و ئیزاعاتی نەبوو، بەس ئەو قوڕئانە بوو طەڕحی دەکرد، لۆیێش پێشی دوو دەرسان بەحسی ئەوەمان کرد حیواڕی بەینی وەلید بن موغەیرە لەگەر پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم کە پێغەمبەر هیچی پێ نەبوو بەس پێغەمبەر حاء میمی لەبۆ خیند یەکسەر وەلید کەت، سەجدەی برد، لۆ؟

چونکی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موخاطەبەی عەقلی ناکا، موخاطەبەی شعور و ذهنیاتی ناکا، ئەو عەقل و شعورە لەبۆ جەبر و هەندەسە و کیمیا و فیزیایە، ئائەو داخیلە لەبۆ (رب العالمین)یە، ئەو قەلبە لەبۆ (رب العالمین)یە لە قوڕئانیش بەس لەناو ئەو قەلبەی جێی خۆی دەبی نەك لەناو شعور لەناو مێشك، شەوی دووەمیش دیسان بووە سبەینێ دیسان ڕۆژ کەشفی کردن ئەوجارەش دیسان تەعەهودیاندا یەك چیدی نەگەڕێنەوە، شەوی سێەم دیسان بەو نەوعەی، یەعنی جازبییەتی قوڕئان خیندنی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم تەئسیری لە داخیلیان دەکرد، ئەخیر جار گۆتیان هیچکە نائێینەوە، هەرچەند خۆشمان قەناعەتمان پێی هەیە، کە فیعلەن صادقییەت و موصەددەقە ئەوەی لۆشی دێ وەحییە لە (رب العالمین)ەوە، ئیذەن ئائەو درۆیەی کە دەکرا و دەیان کرد لەناو

داخیلی خۆشیان ئەڕضیەی نەبوو، فە کەیفە لە ناو داخیلی ئینسانەکانیدی درۆیەکەش چەند مانگەکی پێ چوو ئەویش رەواجی نەما.
مەرحەلەکیکە تەشکیك لە ذاتی پێغەمبەری ئەویش لە مەفهومی ڕیسالە، باشە کو دەبی ڕەسول بەشەر بی؟ الله ئەوە رب العالمین لە موستەوا و ئەسماء و ئەفعالی خۆیتی کە دەیەوێ لیقاء لەگەر مە بکا، دەیەوێ موفاتەحەمان بکا، دەیەوێ سەفارەت لەسەر عەرد بکاتەوە غێر دەبی لە موستەوای خۆی بیکاتەوە، لۆ مەلائیکەت دانابەزینی لەسەرمان؟ لۆ مەلائیکەت نایێ برێ بابە ئەنگۆ ڕەسولن ئەمەش بیبینین ئیمانی پێ بینین، فەترەك ئائەوەیان کردە دیعایە: (وقالوا مال هذا الرسول يأكل الطعام ويمشي في الأسواق (الفرقان٧).
یەعنی بەستەزمانانە شعوریان ئەوەندە کەم بووە، ئیمکانییەتی عەقلیان ئەوەندە کەم بووە نەیانتانی لە ذاتی مەوضوع لە ذاتی قەضییەی کە محمد هینایتی حیواڕات و موناقەشاتی لەگەر بکەن، بزانن فیعلەن حەقائیقی ئەو ڕیسالەی کە هینایتی چەندە یان نا، هاتینە لە ذاتی بەشەرەکەی موناقەشات و صیڕاعاتیان بووە، یەعنی ئەوە دەلیلە لەسەر ئەوەی فیعلەن موستەوایان زۆر دەنیء بووە، ئەگەر دوو فیئە لە جەوی حوڕرییەت موناقەشە بکا لەسەر قەضایەی فیکر موناقەشە دەکا، قەضایەی طەڕح موناقەشە دەکا، نەك لەسەر ذەوات نەك هەویەی یەك تری کەشف کەن، ئەتوو ئەوەندە دزیت کردییە ئەتوو ئەو هات کردییە فلانت کردییە نەء، فیکر مەوجودە هەر یەکە فیکری خۆی طەڕح دەکا، موجتەمەعیش هەمووی دەبتە حەکەم، کێهان فیکر بە قووەت بوو موجتەمەع تەبەنی وی دەکا، ئەوی قبورە ئەوە جەوی صەحیحە، بە نسبەت بەشەرییەت.
ئەمما ئەوان دیارە چیان پێ نەبووە بەرامبەر فیکری مەطڕوح، بەرامبەر قوڕئان چیان پێ نەبووە لۆیە نەیان تانیە بێن لەو مەطڕوحاتانەی ناو قوڕئان موناقەشە لەگەر پێغەمبەری بکەن، کە بەحسی بوغل دەکا سیفەك بووە لەناو داخیلیان مەوجود بووە، کە بەحسی حەڕام دەکا کە دەخۆن، کە بەحسی: (وتحبون المال حبا جما) (الفجر٢٠)، قوڕئان ئەوانە بەحس دەکا فیعلەن ئەوانە لەناو داخیلیان هەیە، باشە کو موناقەشەی مەوضوع بکەن؟ ئیذەن موناقەشەی ذاتی شەخصەکەی بکەن ئەوەش ئوسلوبەکی زۆر شەیطانی و خەبیثە لەبۆ لێدانی دەعوە.
ئەخیر شت ئەخیر حەل لەبۆ شەیطانی لەو مەوضوعانە ئەوە بوو کابرایەك هەبوو باریع بوو لە قسە گێران، لە حەقایەت گێران زۆر زیرەك بوو چون ئەویان بانگ کرد، یەکسەر جەواز سەفەریان لەبۆ کرد ئیفادیان کرد لەبۆ ناو فورس گۆتیان ئەتوو بڕۆ جەولەکی تەدریبی لەوێ وەرگرە، فێرە حەقایەتی ناو فورس بە فورس هەر قەدیمەن مەعروفن بە حەقایەت گۆتن، بە حەقایەت گێرانەوە، لەوان فێربە پاشان وەرە مواجەهەی موحەمەدی پێ بکە.

فیعلەن ئائەو کابرایە ناوی نەذر بن حاریث بوو کابرایەکی زیرەك بوو، لە گێرانەوەی قصە کە قصەی دەگێراوە زۆر بە موجەسەمی بە لەباقەت قصەی دەگێراوە، حەقایەتانی دەگێراوە ئەو کابرایە چوو فەترەك لەوێ ماوە هەرچی حەقایەتی ئەسفەندیار و ئەو گەورە عوضەمایەکانی نەوشێروان و کیسرەویەکانی ئەو زەمانی هەیە هەمووی لەبەر کرد هات هاتە مەککەی، لە کێندەرێ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دانیشتبا ئەویش لە تەنیشتی دادەنیشت، دەیگۆ ئەو حەقایەتتان لۆ دەگێریتەوە ئەمنیش حەقایەتتان لۆ دەگێرمەوە، موحتەمەلە ئی من لە ئی ویش خۆش تربی، ئەها بەحسی ژن دەکەم ژن ئەوها جوانە و ئەوها کەشخەیە و طول و عورضی و سینگی و پرچی و چاوی ئەو بەحسی ئەوانەش ناکا، ئەو هەردەرێ جەهەننەم و جەننەت جەهەننەم ئەوها ئاگرە و ئەوها ناخۆشە و فلانە.

لۆوەی فیعلەن موتابەعەی ئەوەی کا عەقلی دیسان سەطحی و بەسیط بوو، جەمعەك دەهاتن گێیان لە ئەو موجریمەی دەگرت، ئەمما ئەویش فەترەکی موئەققەت بوو، ئیدی هەرچی ئەوڕاقیان هەبوو لەبۆ صیڕاع صیڕاع دروست کردن بەینی خۆیان و بەینی ئیسلام عەن طەڕیقی حالەی نەفسی هەر فەشەلیان هینا، ئەخیر شت ڕۆژەك ئەبوجەهل تەطەوعی کرد موجریمەی دیسان عەن طەڕیقی شەیطان گۆتی دیارە ئەنگۆ هیچتان پێ ناکرێ، ئەنگۆ هەرچی کردمان هەر بە بەلاش چوو ڕۆژ بە ڕۆژ محمد عەناصری زیاد دەبی، عەناصری ئیمانیین دائیرەی ئیمان گەورەتر دەبی شەریحەکە ضەخمتر دەبی، ئەشخاصی وەها موحتەمەلە بێتە ناوێ پاشان سبەی دوو سبەی مواجەهەمان پێ نەکرێ، پشت پەیا بکا نەك بەس بوسطاء و سەطحیین و گەنج ئیمانی پێ بینین، کە ئەو حالەتە دروست بوو ئەو وەختی ناتانین ئەمە مواجەهەی بکەین، ئەو وەختی قەضیە لەبن دەستمان دەردەچی صیڕاعەکە گەورەتر دەبی موئەیدینی زیاتر دروست دەبی، باشترین حەل ئەوەیە ئەمن ئەوها دەبینم بچم بیکوژم ئیصڕاحەت دەکەین لەو موشکیلەیەی.

ئەوانیش هەموو تەئیدیان کرد ئەمما گۆتیان ئەمە لە گەرت نایین، ئەمما ئەگەر هاتوو مەشاکیل بەینی تو و بەینی بەنی هاشم دروست بوو شەرت بی دیفاعت لێ بکەین، ئەبوجەهلیش پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم وەقتەکی موعەییەن زەمەنەکی موعەییەنی هەبوو لەناو بەیت نوێژی تێدا دەکرد، ئەو فەترەش جارێ قیبلە نەبوو بووە بەیت ڕوی لە قودس دەکرد، لە بەینی حیجری ئیبراهیم و بەیت ڕادەوەستا ڕوی لە قودس دەکرد، پشتی دەکەتە ئەو مەنطیقەی کە نادی قوڕەیشی لێ بوو کە عوضەماء و گەورەکانی قوڕەیشی لێ دادەنیشتن پشتی دەکەوتە وان لەئەثنای نوێژ و ذکر.

ئەبوجەهل فیکری ئەوەی کرد بچی چ بەردەکی گەورە و ضەخمە گڕانە لە چیای ئەوی بینی، کە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەچێتە سەجدەی سەری لە عاردییە ئەو وەختی بەردەکەی بەسەر

سەری دابدا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بکوژی، بەستەزمانەی ئائەوە ئیدراکی ئەوەندە بووە نازانی الله بەو هەموو ئەسماء و ئەفعالانە لەگەر ئەو موحەمەدەیە، هەرچی لەو کەونەشە جنودی ئەو خوایەیە، (وما یعلم جنود ربك إلا هو) (المدثر۳۱) هەرچی لە وجود هەیە جنودن عەدەدیشیان هەرچی ذەرڕەك وەردەگری لەو وجودەی جوندییە لا تعد ولا تحصی، موحتەمەلە هەر لە جان هەر لە مەلائیکەت لا تعد ولا تحصی موحتەمەلە یەك مەلائیکەتی لەبۆ تەخصیص کا یان یەك جننی لەبۆ تەخصیص کا، یان یەك حەیوانی لەبۆ تەخصیص کا دیفاع لە محمد بکا.

فیعلەن لەبەر ئەوەی محمد طەرەفەکە لەگەر الله کوفر و شەیطانیش طەرەفەکە، ئەمما ئائەوانە لەگەر ئەو دوو طەرەفە موکافیء نینە، کە ئەبوجەهل دەچی بەردەکەی هەر دەگری نزیکی پێغەمبەر دەکەوی وإذا بە ساتمەکی گچکە دەکا، کە چاوی برند دەکا تەمەشا دەکا دەعبایەك عەزیایەك لە ڕیوایەتەك دەرێ شێر لە صەحیح مەوجودە، لە موسلیم لە ڕیوایەتەك دەرێ ئەوەکی بە شتەکی گەلەك ضەخم گەورە ددانەکانی ئەوها دەرچوو دەوی کرایتەوە، لە پێش پێغەمبەری ڕاوەستایە، ڕووی لە ئەبوجەهلە پشتی لە پێغەمبەرییە، هەر کە ئەوەی دەبینی لە ترسان بەردەکەی لە دەست بەردەبی، باشە زوو دەگاتە خۆی لاقی لادەدا نەکەتە سەرلاقی، فیتکەی لێدەدا و هەردێ دەگەرێتەوە ناو نادی دەرێن ها عەنتەر ئەتوو هاوار هاوارت بوو، ئەوها دەکەم ئەو هادەکەم دەچم دەی کوژم دیفاعم لێ بکەن هەر بەو نەوعەی دیتمان، ئەوجە سوند دەخوا بە ذاتی الله دەرێ رأیت فحلا، یەعنی حۆشترەکی زۆر ضەخم دەوی ئەوها کردبۆوە هەریەك سانتیم زیاتر بچووبامایە پێش بە خوای موحتەمەلە قوتی بدابام.

بەو نەوعەی رب العالمین دیفاع لە ڕەسول و ڕیسالەی خۆی کرد، لۆ؟ چونکی ڕەسول نەك بەس مەعانی کەلیمات و مەجموعە کەلیمات و ووشە و ڕستەی پێ بوو، ئیننەما ئەو کەلیماتانە خەریتەش بوو دەبا وفقی ئەو خەریطەیش بکا، ئیذەن محمد صلی الله علیه وسلم هەرچی هەی بوو لە عەقل و ئیدراك و فەهم تەسلیمی (رب العالمین)ی کردبوو خۆی عەقلکاری نەدەکرد، کە رب العالمین فیعلەن بەو نەوعەی موهەیمین و هادی ئەو موحەمەدەی بوو، حەتمەن خۆشی دیفاعی لە محمد دەکا، خاصەتەن لەو حالەتانەی کە محمد ئاگای لە خۆی نییە، موحتەلەمەلە زەفەری پێ ببردرێ خاصەتەن لە حالاتی تەعەبودات لە نوێژ وە بالأخص لەناو سوجدە، ئائەو (رب العالمین)ە دیفاعی لێ کرد، ئەوە هەمووی مەنطقەی حڕوبی نەفسی.

ئەگەر خوا تەوفیقبدا حەفتەی دی عومرمان ما مەرحەلەکیتکەی حڕوب نەفسی دەست پێدەکا لەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، بە ئەسالیبیتکە بە ئەوضاعیتکە، إن شاءالله ئەگەر بمینێین لە خزمەتتان بەحسی وانیش دەکەین، سیرە ئەسالیبمان کووبوە ئەو کوفرە وە کو تانیتیان مواجەهەی ئەو دینەی

بکەن، کأنە ئەوڕۆیە کأنە کەفەرەی ئەوڕۆیە بە هەموو عەقل و ئیدراکەك هەموو مێشکی خۆی تەخصیص کردییە لەبۆ مواجەهەی مەددی ئیسلامی.

خوا ئەو ئیدراکە و ئەو عەقلەمان بداتێ بتانین ئەو ئیمانە نەوعیەی موحەمەدی و صەحابانە لە داخیلی خۆمان ئیجاد کەین، وە ئەو تەوفیقە و تەڕشیدەی کە رب العالمین ئیللا وفقی ئەو ئیمانەی دەدا، بە سەبەبی ئەو ئیمانەی دەدا ئەو سەبەبەش لە داخیلمان ئیجاد بکا، هەتا خۆی موڕشید و موصەوییمان بی، أقول قولي هذا وأستغفر الله لی ولکم سبحان ربك رب العزة عما یصفون والسلام على المرسلين والحمد الله رب العالمين.

کێ سوئالی هەیە پرسیاری هەیە تەعلیق.